## ڕووداوەکانی بۆکان

ئەرکی هەرە گرنگی ئەم زنجیرە وتارە ڕوون کردنەوە و دەرخستنی ڕووداوە مێژووییەکان و ناساندنی سەرچاوەیە سەبارەت بە ڕووداو و کەسایەتییەکان لە بۆکان و دەوروبەری. ئەم کارە، تەنیا بە ناساندنی کتێب و گۆڤار ناگاتە ئەنجام، بەڵکوو لە درێژەیدا دەبێ ڕۆژژمێرێکی بە بەڵگە لە ڕووداوەکان پێک بێت کە بە گوێرەی ئەو، هەودای ڕووداوە مێژووییەکانی بۆکان بە یەکەوە ببەسترێن و دواتر، شوێن یا شوینگەلی بەتاڵی نێوانیان بە هیممەتی هیممەتداران پڕ بکرێتەوە. بۆ ئەم کارە دەبێ هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ، هەموو ئەو شوێنە ڕووناکانەی وا لە مێژووی ناوچەکەدا هەن، دەست نیشان بکرێن و سەرچاوەیان بناسێنرێن.

بۆ نموونە، هەر زانیاریەکمان لە ژیار و ژینگە و دۆخی ئابووری – سیاسی ناوچەکە لە سەرەتاکانی مێژووەوە هەیە بەگوێرەی لیستەیەک بنووسرێن ئینجا حکوومەتی ماناکان و پێتەختیان سەراو، بناسێنرێت، پاشان حکوومەتی ماد و قەڵایچی و گرد و قەڵای زۆری گوندەکانی دەوروبەری، ئینجا سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و پاشان عەرەب. لە پەیوەندی ئەشکانییەکاندا مێژووی قەڵای بۆکان و لە پەیوەندی ساسانیاندا مێژووی تەختی سولەیمان و ناوچەی هەوشار و فەیزوڵڵابەگی بناسێنرێت. ئینجا مغول و دوای ئەوان هاتنی تورکان بۆ ناوچەکە و سەردەمی سەفەوی و قاجار و ...

لە ئامادەکارییەکی ئەوتۆدا، بۆ نموونە دەبینین سەردەمی نێوان ماد و ئەشکانی بەتاڵ دەمێنێتەوە و بەهەمان شێوە بۆشایی نێوان هێرشی عەرەب و هروژمی مەغول دەردەکەوێت، کە دواتر دەگەڕێمەوە سۆراغی ئەم بەشە.

قۆناغەکانی دواتری ژیانی ناوچەکە زیاتر و بەرچاوترن و ئاشکرایە سەرچاوەی زیاتریشیان بۆ دەست دەکەوێت بۆ نموونە،

-ساڵی ١٨٨٠ و ڕاپەڕینی شێخ عوبە ید یللای شەمزینی و هاتنی شێخ عەبدولقادری کوڕی بۆ موکریان

-ساڵی ١٩٤٦ و دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەڵکرانی ئاڵای کورد لە شار و گوندەکانی دەوروبەر، دامەزرانی چاپخانە لە بۆکان، دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە، ڕووخانی کۆمار، ئیعدامی خەباتکاران و ...

-ساڵی ١٩٥٣ وحکوومەتی میللی دوکتۆر موسەددیق، ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، خەباتی خەڵکی شار دژ بە دەرەبەگ و ئاغاوات، تێک شکانی ڕاپەڕین، گیران و شاربەدەر بوونی خەباتکاران دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ و...

-ساڵی ١٩٧٩ و شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕاپەڕینی خەڵک، خۆپێشاندان، شەهیدبوونی لاوان، ڕووخانی سیستەمی پادشاهی، شەڕ و پێکدادانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ پاسداران و بەسیجی، گیرانەوەی شار لە لایەن حکوومەتەوە، وت و وێژ لەگەڵ دەوڵەت، ئیعدامی خەباتکاران، شەڕی

نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکرات، شەڕی عیراق و بۆمبارانی شار لەلایەن حکوومەتی سەدامەوە و ...

وەک دەبینین هەرکام لەو بڕگانە دەیان و هەندێک جار سەدان ڕووداوی تێدا ڕووداوە، کە دەبێ یەک یەک دەست نیشان بکرێن و لەوەش گرنگتر، سەرچاوەیان بۆ بناسێنرێت.

لە پاڵ ئەو ڕووداوە مێژوویيانەدا، دەبێ سۆراغی کەسایەتییە ناودارەکانی بۆکان و ناوچەکە بگیرێت و لەوانە، شاهانی ماننا و ماد و ئەوانەی وا لە مێژووی ناوچەکەدا دەورێکیان بینیوە، هەتا سەردەمی ئەمڕۆ. هەروەها زانا و ئەدیب و هونەرمەند و شاعیری وەک ئاوات و حەقیقی و سوارە و حەسەن زیرەک و ... . بۆ هەر کام لەو کەسانەش دەبێ هەوڵ بدرێت ڕۆژی لە دایک بوون و مردن، ناوی کتێب و بەرهەم و گەلێک شتی تر ڕوون بکرێنەوە.

من نازانم خۆم تا چ ڕادەیەک دەتوانم لەم بوارەدا کار بکەم و تا کوێم توانا و دەرەتان دەبێت بەڵام بە هیوام ئەم کارە بەشێکی سەرەکی لە پێک هاتنی مێژووی هەمەلایەنەی بۆکان و ناوچەکەی لە دوارۆژێکدا – کە هیوایە ئەویش دوور نەبێت، پێک بهێنێت. لە بواری ئەم کارە تایبەتەدا هەموان دەتوانن بەشدار بن. هەرکەس لە هەر شوێنێکەوە مێژووی هەر ڕووداوێکی ناوچەی بۆکان بزانێت، بینووسێت و بینێرێت بۆ چاپەمەنییەکی دەورەیی لە کوردستان یا دەرەوەی وڵات یا خود بۆ ئەم ماڵپەڕە. ئێمە ئامادەین هەموو ئەو بابەتانەی دەگەنە دەستمان بە ناوی خاوەنەکانیانەوە بڵاو بکەینەوە.